# کووشتنی ژنان سووکایەتیە بە ئینسانیەت

هیدایەت مەلا عەلی

ژنان لە کۆمەڵگای چینایەتی دا گەورەترین ستەمیان لە سەرەو سوتەمەنیەکی ڕۆژانەی کارخانەی ژیان هاڕینیان . لە چوار چێوەی ئەم سیستەمە زاڵمانەدا ژنان وەک ئینسان بە حیساب نایەن و وەک وەسیلەک بۆ جێبەجێ کردنی کۆمەڵێک کار و وەزیفەی تایبەت سەیر دەکرێن . لە هەموویان سەختر سەیرکردنی ژنان وەک وەسیلەیەکی سێکسی بۆ خاڵی کردنەوەی ئارەزوەیەکی تایبەت لە کاتێکدا ئەم ئارەزوە بەهەموو سەرکووتێکیشەوە بە ژنان ڕەوا نابینن و جینۆسایدی خەتەنە هەڕەشەیان لێدەکات لەم کۆمەڵگایەی کە دڕکی ئەخلاقیات و فەرهەنگی کۆنەپەرستی و پیاوسالاری و مەزهەب و ناسیۆنالیزم دەوری ژنانی داوە سەرباری هەرچەوسانەوەو ستەمێک لە سەریانە دیاردەی ژن کووشتن وەک دیاردەیەکی دژی ئینسانی ڕوو بە ڕووی ژنان بۆتەوەو بۆتە پێوەرێک بەدەست ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکانەوە بۆ پێوانی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵگایەکی ئەخلاقی و تەنانەت بێکێشەو ئاسوودە , ئەم کار و بیرکردنەوە دژی ئینسانیەی ناسیۆنالیست و مەزهەبیەکان گۆڕی بۆ هەزاران ژن هەڵکەندو بە دەستی باوک و برا و بنەماڵە خرانە ژێر گڵ , ئەم کۆنەپەرستانە بەو دەلیلەی ژن لای ئەوان ئینسانی تەواو نیە و دەبێت پیاو پەرژینی بێت لەسەر هەر بڕیارێک کە بیدات و پەیوەندی بە حەز و ئارەزوە ئینسانیەکانی خۆیەوە بێت ئەوا دەیان جۆری کوشتن ئامادەیەو هەڵسوڕاوانی ژن کووشتن ئەنجامی دەدەن . ژن ئینسانەو هیچی لە کەس کەمتر نیە , ژن ئینسانەو وەک هەر ڕگەزێکی تر لەم کۆمەڵگایەدە خاوەنی هەست و حەز و ئارەزووەکانی خۆیەتی , ژن ئینسانەو پێوویستی بە خۆشەوویستی وخۆگۆڕین و هاوسەر هەڵبژاردن و سەفەر و بەگەڕخستنی ئیرادەی خۆیەتی بۆ بەشداری کردن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا , هەموو ئەمانە دەست مایەی کۆنەپەرستان بۆ قەتڵ و عامی ژنان لە کاتێکدا ئەگەر ژنان بە ئارەزووی خۆیان ئەم چارەنووسانە هەڵبژێرن , چوارچێوەی ئەخلاق بۆتە باشترین وە ناشیرینترین و نا ئینسانیترین کەرەسە بۆ لە خوێن هەڵکێشانی ژنان , من بیرم دێت هەر شەوێک دەنگی تەقەکانی گەڕەک و کۆڵان کپ بوایە دایکم دەیووت ئەو فیشەکانە بە گۆشتا چوون بۆ بەیانی کە دەچووین بۆ خوێندنگا هەواڵی کوشتنی ژنێک یان چەند ژنێکمان بە دەستی چەکدارەکانی ئەحزابی قەومی دەبیست , ئەوان دەیان وویست لەسەر حیسابی کووشتنی ژنان ناسیۆنالیزمی خۆیان بە شەریفتر لە قەڵەم بدەن وەک چۆن بەعس لە حەملەی ئیمانی و ئیسلامیەکان لە شارۆچکەیەکی بچووکی وەک سیروان لە شەو ڕۆژێکدا هەشت ژنیان لە خوێن هەڵکێشا لە ناو ماڵ و بە دیار چاوی هاوسەر و منداڵەکانیانەوە تەنها بۆ ئەوەی نیشانی بدەن جێگایەک کە ئەوان دەسەڵاتیان تیایدا هەیە پاک و تەمیز و بێگوناهە , ئەمە ئیتر گەورەترین ئیهانەیە بە ئینسانەکان نەک تەنها ژن , ڕاستە ژنان دەبنە سووتەمەنی ڕاستەوخۆی ئەم کارە دژی ئینسانیە بەڵام بۆ کۆمەڵگا و ئینسانیەت مایەی شەرمەزاری و سووکایەتیە ئەم کردەوانە , ئەم تاوان بارانە هەر بەوەوە نەوەستاوون کە لوولەی چەکیان و فتواکانیان بەهاری ژیانی هەزاران ژنی کردوە بە خەزان بەڵکو بە پڕژاندن و بڵاوکردنەوەی دواکەوتوانەترین بیروباوەڕی کۆنەپەرستی و دژی ژنانیان بەکارهێناوە و دەستی دەیان باوک و برا و کوڕانی عەشرەتی شەرەف هێنەرەوەیان ئاوەڵاکردووە بۆکوشتنی خووشک و هاوسەر و دایک و ئامۆزا و خاڵۆزا و کچانی تیرەکەیان , ئەگەر کۆنەپەرستانە ترین بیروباوەڕی دژی ئینسانی و دژی ژنان لە پشت ئەو برایەوە نەوەستابێت کە سەدوهەشتا فیشەکی نابە خوشکەکەی خۆیەوە دەبێت چی بێت , دەبێت هەر لە خۆوە بێت پیاوێک دوای برینداركردن هاوسەرەکەی زیندەبەچاڵی دەکات , ژنێک لە کاتێکدا مێردەکەی دەیسووتاند و گڕی نەئەگرت دار و چیلکەی بۆ داناوە بۆ ئەوەی باش گڕ بگرێت , ژنێک گێڕایەوە کە چۆن لە خەودا بەدیار چاوی ئەو سەرجەم خوشکەکانی تریەوە بە پشتوێن دەمی یەکێک لە خوشکەکانیان بەست و بردیان کووشتان بەس لەبەر ئەوەی نەیوویست شوو بە ئامۆزاکەی بکات و کەسێکی تری خۆش ئەوویست , هەموو چیرۆکی ئەو کچەمان بیست کە لە بیرێکدا خنکاندبوویان . هەموو ئەو شاخە دەناسین و ناویمان بیستووە کە لە ڕەواندوز دەیان کچ و ژن خۆیان

لێهەڵداوەتە خوارەوە و کۆتایان بە ژیانی پڕ چەوساندنەوەو سووکایەتی هێناوە , ڕۆژانە لە گۆڤار و بڵاوکراوە و سایتەکان و لە دەمی خەڵکەوە هەواڵی سووتان و گیان لە دەست دانی چەندین ژن دەبیستین و ئەم تاوانە کە بیرکردنەوەیەکی کۆنەپەرستانە لە پشتیەتی و ئاو لە ناسیۆنالیزم و مەزهەبەوە دەخوات بەوە پەردە پۆش دەکرێت کە خەتای پەرەمێزە و لەکاتی نان کردن یان خۆشۆردن ڕووی داوە , ئەمەش سووکایەتیەکی ترە بە ئینسان و بە ژنان سەرەڕای کووشتنیان کەچی ڕاستی جۆری کووشتنەکەشیان دەشێوێنن , تاڤگە سابیر ووتی ئەگەر پەرەمێز ئەوەندە ژن دەسووتێنێت و ئەوەندە تاوانبارە بۆ قەدەغەی ناکەن تاڤگە سابیر ئەو قسەیەی وەک بەردێ وەشاندی بەرانبەر دەسەڵاتداران لە کوردوستان , من لە گەڵ ئەوەدام پەرەمێز قەدەغە بکرێت لەبەر ئەوەی ئامێرێکی کۆن و دەنگێکی ناخۆشی هەیە نەک لەبە ئەوەی کە ژنان دەسووتێنێ ئەوەی کە دەبێت قەدەغە بکرێت نەوتی ناو پەرمێزەکەیە کە ناسیۆنالیزم و مەزهەبە , ئەوەی کە دەبێت بۆ یەکجاری هەڵپێچرێت نیزامی گەندەڵی سەرمایەو کۆڵەکەکانیەتی کە مانەوەی لە چەوساندنەوە وجیاوازی نێوان ئینسانەکاندایە نەک ڕووخانی شاخەکەی ڕواندووز , ئەوەی ئەبێت لە ژیانی ئینسانەکان بچێتە دەرەوە مەزهەبە نەک سووتانی پشتوێنەکان , ئەوەی کە بەقەدەر سەرە دەرزیەک حورمەتی تیا نەماوە بۆ ئینسانەکان و بە تایبەت ژنان ناسیۆنالیزمە دەبێت مێژوو و ئێستای ئەم بزووتنەوەیە پڕبکرێتەوە نەک بیرەکان , ناسیۆنالیزم و مەزهەب نەخشێکی جیدیان هەیە لە ژێر دەستەی و چەوساندنەوە و کووشتنی ژناندا بەبێ ڕزگاربوون لەم دوو نەخۆشیە کوشندەیە نە کۆمەڵگا نە ژنان ڕزگاریان نابێ ژیانێک کە ژنان دەیگوزەرێنن شیاویان نیە ناکرێ ژنان نێچیری کۆنەپەرستی ڕاوچیەکانیان بن , نا بێ لە کۆمەڵگایەکدا ژنان لەسەر سەرەتایترین مافەکانیان ژیانیان لێبسەنرێتەوە , لە ژێر هەر بڕو بیانوو یەک کووشتنی ژنان قەدەغەیەو دەبێت بەری پێبگرین ئەوە ئەرکی هەر ئێستای هەمووومانە , خۆش بەختانە ئەوا ئێستا لە کوردوستان و لە عێراق حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و ڕێکخراوی ئازادی ژن یەک سەنگەری بەهێز و دوو وەسیلەی کارسازن بۆ کۆتای هێنان بە چەوساندنەوەی ژنان و لە ڕیشەوە دەرهێنانی کۆنەپەرستی و ئینسان و کوژی با ئەم سەنگەرە بەهێز بکەین .